# ڕێکخراوێك بۆ پاراستنی مافی مروڤ له کوردستان

موحەمد سەدیق کەبودوەند

(بەرپرسەر و سەرنووسەری حۆتەنامەی تۆوقیف کەراوی " پەیامی گەل ")

E.mail:msk_kaboodvand@yahoo.com

مافی مروڤ مەزندەیکە بۆ دادوەری کردن لەبارەی ئازادی و سرۆشتی مروڤایەتی پوڕوگرامەکان، ئەستراتژیەکان و پەیۆەند کاریەکانی حکومەت لەبواری سیاسیی(رامیاری)، کۆمەلآیتی، فەرهەنگی(کەلتوری)، ئابوری و هەروها دەستکۆوتەکانی ئەو سیستمە.ئاشتی وئاسایش، گەشەی ئازادی، و رێز له مافی گەل پیشاندەری مسوگەرکردنی مافی مروڤه له ولآت.هەر لەم پەیوەندیدا لێکولینەوەی ژیانی هەرکەسیك تەرجۆمانی سنوری پاراستنی مافی مروڤ لەکۆمەڵدایە.بێگومان هەر تاکە کەسێك وەك ئەندامێك له کۆمەڵدا ماف وئازادیە رواکانی تایبەتی هەیە کە لە پەشت چاو خەستنی ئەو مافانە برامبرە لە گەڵ چەۆساندنەوەی کۆمەلگە. لەم بۆارەدا میللەتەکان وگەلانی ئیرانی کە مافەکانیان له لایەن حکومەتەوە پاشێل کراوە،دیسان تووشی ستەمێکی تریش دەبنەوە.ئێستا چۆن دەبیٚ لەو دەستدرێژی کاریانە پێشگێری بەکرێت؟

بریارنامەی جیهانی مافی مروڤ وەك گەرینگتەرین مەنشوری نێونەتەوەیی ئامانجێکی یەکگەرتو بو تەواوی بەشەریت واتە مروڤ دیاری و پەسەند کردوە و دەبیٚ هەموو گەلان ونەتەوەکان بەدەستی بەهێنن.نێوەروك وبنەرەتی مافی مروڤ بریتیەلە: ئازادی وسەربەستی، بەرانبەری، برایەتی، رەتکردنەوەی هەرچەشنەجیاوازێك، لەناۆ بردەنی جیاوازی و زۆردەستی، مافی ژیان،مافی ئاسایشی کەسایەتی، رەتکردنەوەی کوێلەیەتی و نۆکەرایتی، رەتکردنەوەی ئەشکەنجە و سەزا و رەفتاری توند و تێژ و دەرندانە و ئابرۆوبەرانە، مافی پارێزگاری لەلایەن یاساکانەوە له برامبەر دەستدرێژکاریەکانی دژ بە مافە بنەرەتییەکان.مافی پەنابردنە بر دادگە نیشتمانیەکان، مافی پاراستن لە برامبری رەمەکی گرتن، دەست بەسەرکردن، و یا دۆورخستنەوە، مافی یارمەتی له دادگەیکی سەربەخۆ و بێلایەن، مافی بێگوناهی لەتاوانی نەدەسەلمێندراۆ، رێزوحورمەتی ژیانی تایبەتی، مافی هاتەن وچۆن و هەلبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوون، مافی پەنابەردنە برولآتیکی دیکە، مافی یەکسانی وبەرا نبەری مارەبرین و پەیوەندی لەنێوان ژن ومێرد،مافی پاراستنی بنەمالەۆخیزان لەلایەن کومەلگە ودەۆڵەت، مافی ئازادی بیرکردنەوە و ویژدان و ئایین، مافی ئازادی بیرو راو رادەربرین و وەرگرتنی هەواڵ وبەدەست هێنانی زانەستی شارەزایی، ئازادی ریکخەستن وبەشدار بوون لەدەستە و کۆمەلە و تاقمە ئاشتیخوازەکان، مافی بەشداربوون له بەریوەبردنی کاروباری گشتی ولات، مافی هاۆبەشی ئازادانە له هەلبژاردنەکان،مافی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ژیانی تیرای پێویست، مافی کارکردەن و ئازادی لەهەڵبژاردنی کار، مافی دامەرزاندنی سەندیکا ویان ئەندامایتی سەندیکای هەلبژاردراو، مافی لش ساغی وخوشگوزەرانی "خۆراك، پوشاك، خانوو، چاۆدێری بژیشکی وخزمەتە کۆمەڵایەتییە پیویستەکان "، مافی دایکان ومنداڵان بۆ یارمەتی وچاۆدێریی کۆمەلایەتی، مافی پەروەردە و فێربوون، ومافی ئازادانە هاۆبەشی لەژیانی کەلتوری و...ئەم مافانە بەپێ پەیماننامە نیونەتەوەییکانی "مافی شارستانیەتی وسیاسیی " و "مافی ئابوری،کۆمەڵایتی و فەرهەنگی " لەلایەن ئەۆ دەولەتانە کە پەیماننامەکانیان پەسند و ئیمزا کردوە دەبیٚ مسوگەر بکریٚ و پیویستە دەولەتەکان دەستوور و یاساکانی ریککەوتنامەکان بەتێکرا بەریوە بەبن. پیویستە بەوەش ئاماژە بکریٚ حوکمی بریارنامەی جیهانی مافی مروڤ لەیاساکانی نیونەتەوەییدا لەسەرەوەی یاسای دەولەتەکاندایە.

ئەۆرۆ گەلانی ئیران باش دەبێنن، دەولەتی ئیران کە پەیماننامەکانی نیونەتەوەیی پەسند کردوە و دەنگی پێداوە و دەبیٚ ئەو مافانە بپارێزریٚ وچاودێری بەکات،تا چە پلەیێك دانی پێاناوە و داکوکیان دەکا  و لە دەستوور ویاساکانی نیوخویی تا چە رادەیك رەسمیی کراوەن.چندە ئەۆ مافانە پارێزراوەن و یان چاۆدێری لێان کراوە.

ئاشتی و ئاسایش،بەرانبەری ژن ومێرد، مافی گەلان و نەتەوەکان، دێموکراسی و بەرانبەری و عێدالەتی کۆمەڵایتی، پاراستنی ئازادیە بنچینەییکان، مسوگەرکردنی هەموو لایەنەی مافی مروڤ، ئەۆرۆ نێوەرۆکی داخوازە گەرنگەکانی هەمووی میللەتەکان، گروپە ئەتنیکیەکان و گەلانی ئێرانە .ئێستا ئەۆ داوخوازانە چۆن مسوگەر دەکرێن؟

ئامانجی ژیانی ئێنسانی ئازاد و رزگار لە مەتەرسی و هەژاری له ئاستێك تێدەگۆریٚ کە هەمووان بتوانن لەمافی شارستانیەتی وسیاسیی ومافی کۆمەڵایتی و ئابوری وفەرهەنگی کەلك و قازانج وەربگرەن.بێگومان مافی مروڤ بۆ بشریەت بایەخکی یەکسان ونا جیاوازی هەیە کە لە هەر پلە و رادەیك بیٚ کەم وکورتی بۆ هەمووان وەکو:مەنداڵان، مێرمەنداڵان، ژنان، گەنجان، پیران،نەخوشەکان،پەککوتەوەان، بێکارەکان، بێخانووەکان، پەنابەران، هەڵاتوەان، دەست بەسەران و زیندانیەکان، و هەر وها بۆ تەواوی نارەزامندان و ئوپوزیسیونی دژ بە حکومەت، و گروپە ئەتنیکی و نەتەوەیی و ئایینیەکان دەبیٚ مسوگەر بەکرێت.مافی مروڤ وەکو مافی بنەرەتی دەبیٚ لەهەر یاسا و دەستوورێك دانی پێدانەریٚ و بیٚ کەم وکورت مسوگەربەکریٚ بۆتەواویی گەلان.

هاۆکات له تێکۆشانی دابین کردنی ئەم مافانە لە دەستوورو یاساکانی نیوخۆیی، پیویستە بۆ پاراستنی مافی مروڤ وحورمەت و رێزی ئێنسانی و دژایتی لەگەڵ زوردەستی،ستەمکاری،کەردەوەی دژی مروڤایتی و ئاشتیخوازانە، نا بەرانبەری ئەتنیکی و نەتەوەیی و ئایینی و نا

یەکسانی ژن و میرد چالاکێکی بێ وەچان و یەکگەرتو بێتە ئاراوە.زاڵ بوون بە سەر بێ هێزی و کەمتەرخمی لەسەر بنەمای خۆ پێگەیاندەن و تێکوشین لە کۆمەلگە و راگەیاندەنی بەشداربوون لە مینەت و پەژارەی ستەم لێکەراوان و ئەوانی دیکە کە کەوتونە بەر هەلمەت و پەلەماری ستەمکاران. سەبارەت بە هەرچەشنە پاشێل کردنی ماڤی مروڤ دەبێ بەتوندی نارەزایی نیشان بەدرێت و پاراستنی ماف وحورمەتی مروڤ بکەویتە ژێرچاودێری هەمووان.چۆن لە هەلومەرجەکی وادا ئەگەر لە ماڤی بنەرەتیی مروڤ پارێزەری نەکرێ پەلەماری پاشێلکەران بەر فەراوانتەر ئەبێ . بە دەست هێنان و پاراستن و بەرگری لە دەستدرێژی کردن لە ماف وئازادیە بنچینەیەکان تنیا لە رەوشی تێکوشانی گشتی و یەکگەرتویی گەلان دژ بە فەرهەنگی ئێستبداد، باوەر وئایدیولۆژیای دژی ماڤی مروڤایتی، هاوکات بە پرەپێدان و پتەۆ کردنی فەرهەنگی مروڤ دوستانە و لێ هڵدانی پاشێلکاری ئەۆ مافانە لە ناۆ کۆمەلدا چارەسەردەکرێت.

## ماڤی مروڤ لە کوردستان

نەتەوەی کورد بەتایبەت لە سەردەمکی وەك ئەۆرۆ تووشی گیروگەرفتی ئێستبداد، زەحمەت و رەنج وستەم، بێدادگەری، جیاوازی وزوردەستی و بەسەرە زاڵ بوونی حکومەتە تۆتالیتارییەکان بووە.و هەردەم لەلایەن شوڤینیەکانوە دەکەوەێتە ژێرسەرکوتکاری، پاکتاۆ کردن وتەنانەت جێنوسایدوکۆژرانی گشتی.گەلی کورد لەهەڵسووکەوتێکی وادا ماڤی دامەزراندنی رێکخراوە شارستانیەتی و دیموکراتیکیەکانی سیاسیی وکۆمەڵایتی لەسەر ئاستی ستراتێژێکی ئاشتیخوازانە بو دابین کردنی ماف وئازادیە بنچینەییەکان وماڤی چارەنووسی خۆی پێنەدراوە.بلکو ئەم مافانە لەلایەن حکومەتەوە پاشێل کراوە. ئێستبداد کۆسپی خەستووەتە بر ریکخستنی دەزگا شارستانیەتیەکان و رەوشی دیالوگ و وتووێژی گشتی و هاۆبەشی و یەکگەرتوی ویەکیەتی لەنێوان گەلدا پاکتاۆ کراوە.لە لایکیتەروە جیاوازی وبەربەڵاوبوون و ناکوکی وکێشە و کینە و مەلهۆری لەسەرئاستی تاکە کەسی و تاقمەیی لەنیوان نەتەوەی کوردا دەرباز بووە.لە رەوشیکی وادا حکومەت پیلانەکانی بەبیانوی پێویستی، دژ بە گەلی کورد تئوریرزە دەکا.ئیدی بۆ کەردەوە دژی ئێنسانیەکانی خۆی و پاشێلکاریەکانی ماڤی نەتەوەی کورد بەیانوی نارەوای بەدەستایە.گەلی کورد کە لە مافە پەسند کراوەکانی بریارنامەی جیهانی ماڤی مروڤ و پەیماننامە نیو نەتەوەییکانی ماڤی سیاسیی وشارستانیەتی بێبەش کراوە، تەنانەت هی خاڵیکی ریککەوتنامەکان وکنوانسیونەکانی نیونەتەوەیی سەبارەت بە کەمینە نەتەوە وئەتنیکی و زبانی و رەگەزیکان ویان خەباتی دەژی رەگەزپەرستی،لە بارەی ئەم میللەتە مسوگەر نکراوە.

هەر ئێستا لە کوردستانی ئێران کەسانیکی زور، بە تاوانی دەربەرینی بیر ورا و یان چالاکی فەرهەنگی وسیاسیی نەتەوەی وئەتنیکی لەژێر چاودێریدان ویان دەست بەسەر و زیندانی کراوەن و تەنانەت ئەگەری لە سێدارە دانیان هەیە.هەرشە وگوشار و دەست بەسەری ودادگایی کردنی تێکوشەرانی فەرهەنگی،سیاسیی، شارستانیەتی وکەرێکاری هەروا بەردوامە.نوسەری ئەم وتارە لە دەست بەسەریکی کورت لە بندیخانەی سنە ئاگاداری کەسانێك بوو کە بە تاوانی بیر وباوەری سیاسیی جیاواز لە ئایدیولوژیا وسیاسەتی دەسەڵاتدار و یان بەبیانوی بەشداری و هاوریەبوون لەگەڵ ریکخراوە سیاسیە کوردیەکانی ئوپوزیسیونی دژی حکومەت دەست بەسەر و زیندانی کەرابوون وبو هەندێکیان زیندانی هەتاهەتایی حوکەم دەرابوو.

لەلایکی تەروە تێکوشەرانی فەرهەنگی، روژنامەوانان، نووسەران ورۆژنامەکانی کوردستان لەبر دژواریکی بەرفەراوانی ئاسای- دادوەری وەکو: بانگەهیشت کردنی بردەم دادگا ویان دەزگا ئاسایەکان، دەست بەسەر بوون، سەرکۆتکاری و داخەستنی گۆڤار ورۆژنامەکان روبەرو بوونەتەوە.حکومەتی خاوەن دەسەڵات داواکاری ئەویە کە رۆژنامە وگۆڤارە کوردیەکان لەخزمەتی پروپاگەندەی بەرنامەی فەرهەنگی وسیاسیەکانی رەژیمدا بەن .و جەماوەری رۆژنامەوان و هەوالنێر دەبێ هی چەشنە ئاگاداریێ و زانیاریك سەبارەت بە ئەوی کە ئێستا لە ئارادایە و بەتایبەت مەسەلەی میللەتی کورد نەدەن ونابێ باس ولێکولینەوەی لەسەربکەن. لەئاستێکی وادا کەم وکورتی، و سانسوروگوشاریکی بەرفەراوانتەر وەك ئەزموونەێکە بۆ رۆژنامەوانان و رۆژنامەگەری کوردستان.بەراستی ئازادی دەربەرین بەتایبەت لەرۆژنامەگەری کورد لەئێراندا بە دیل گیراوە.

## چارە چیە؟

کەمتەخەمی دەزگا و ئەنجومەنە بە ناۆ لایەنگێرەکانی ماڤی مروڤ وئازادی دەربەرینی ئێرانی لە تاران وشارەکانی دیکە، لە برامبری پاشێلکردنی بەرفەراوانی ماڤی مروڤ و پەشتیوانی نەکردن لە ئازادی رۆژنامەوانی ودەربەرین، و ئازادی چالاکی سیاسی و فەرهەنگی لە کوردستان و هەروها بێدەنگی سەبارەت بە زیندانی کردنی تێکوشەرانی سیاسیی وفەرهەنگی، و بێدەنگی لەبرامبری گوشارو ئەشکەنجە ولە سێدارە دان وگۆلەبارانی زیندانی کراوانی کورد، رێکخەستنی رێکخراویکی سەربەخۆ بۆ پاراستنی ماڤی مروڤ لە کوردستان وەك نەیاز وپێویستیکی نهیینی کەۆتوەتە بەرچاۆ. بەم بونەوە کۆشش وچالاکیەکان بو پاراستنی ماڤی مروڤ و دژایەتی لەگەڵ کەردەوە نائێنسانیەکان، جیاوازی ونا بەرانبەری ئەتنیکی و نەتەوەیی و ئایینی ونایەکسانی نیوان ژنان ومێردان و دژایەتی لەگەڵ دەست بەسەری،گوشار وئازارو ئەشکەنجە وگولەباران ولە سێدارەدانی زیندانیەکان دەبێ یەکگەرتو بەبێت.بۆ لێ هڵدانی بەردەوام بوونی دەستدریژیکاری بەسەرماڤی مروڤ

و پاشێل کردنی مافی سیاسیی وکۆمەڵایتی گەلی کوردستان دەبێ هەرچەشنە دەستدریژی و هەلمەتێك بەسەرمافی مروڤ ویان پاشێل کردنی ئازادیە بنچینەییەکان روون بکرێتەوە و دەبێ بەدادی گەلان گەیشت.بێگومان ئاشتی، دێموکراسی، رێزوحورمەتی مافی مروڤ و بایەخی ئێنسانی، مسوگەرکردنی ئازادیە بنچینەییەکان،مسوگەرکردنی عیدالەت وبەرا نبەری، لەناو بەردنی جیاوازیە جورواجورەکان، پاراستنی شوناسی نەتەوەیی، دابین کردنی مافی نەتەوەیی و ئەتنیکی و فەرهەنگی کە لە داخوازە سەرەکیەکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندایە، تەنیا بەکەڵك وەرگەرتن لە تێکوشانیکی گشتی و یەکگەرتویی گەلان بە ئەنجام دەگات.بەم بوونەوە بو رێکخەستنی رێکخراویکی بەهێز وچالاکی پارێزەری مافی مروڤ لە نیو کوردستان دەبێ تێکوشەران و لاینگەرانی مافی مروڤ چالاکیکی بەردەوام وبەرفەراوان وەکو بزوتنەوەیك لەپێناوی رزگاربوونی بشریەت رێکبێخەن .

تایبەتمندیەکانی دەزگای پارێزگەری مافی مروڤ زور گەرنگە و *دەبێ لە منشورەکەی لاینی کەم بەۆ خالانیی خەوارۆ ئاماژە بکرێت.*

1. *رێکخراوی لاینگەری مافی مروڤ نابێ رێکخراویکی سیاسیی ویان ئایینی بەبێ .*
2. *ئامانجی ئەو ریکخراوە دەبێ بەریتی بێ لە دابین کردن ومسوگەر کردنی مافە ئێنسانیەکانی ناسراو لەبریارنامەی جیهانی مافی مروڤ وپەیماننامە نیو نەتەوەیی کانی مافی سیاسیی وشارستانیەتی ومافی کۆمەڵایتی وئابوری وکەلتوری بەبێ هەرچەشنە شەرت ومەرجیك.*
3. *شێواز ورەوشی رێکخراوی پاراستنی مافی مروڤ دەبێ بو دابین کردنی فەرهەنگی مافی مروڤ وپروپاگەندەی پروگەرامەکانی ئێنسانی، لێ هلدان و ئاشکرا کردنی پاشێلکاریەکانی مافی مروڤ، لێکولینەوە و شیکردنەوەی هەرچەشنە دەستدریژیکاریك برسەرمافی گەلان، یارمەتیدان وگەیشتن بەهاواری ستەم لێکراوان، ئامادەکردنی راپورت وگوزارشتی پێویست لەچونیەتی دەستدرێژی و پاشێلکردنی مافی مروڤ و خەستنی راپورتەکان بە بردەم  دەزگاکانی لاینگەری مافی مروڤ لە نیو ویان دەرەوەی وڵات. و داوا کاری لەرێکخراوە نیونەتەوەییکان بۆ بەرگەری لە بەردەوام بوونی دەستدریژی کاریەکان و هەروها بەشوێنە چوونی ئاکامی راپورتەکان.*
4. *ریکخراوی پاریزەری مافی مروڤ دەبێ چالاکیەکانی بەشێوەیکی ئاشکرا لەنیو وڵاتدا و بەتایبەت لە کوردستان ئەنجام بەدات.*
5. *هەمووکەسێك جیا لە باوەری فەلسەفی ویان ئایدیولوژیکی و ژێ بیری، ئایینی ویان بێ ئایینی، خۆشەویستی ومولکداریتی و پەلە وجێگە ورێگەی کۆمەڵایتی، دەبێ بەتوانێت  ئەندامایەتی ئەۆ رێکخراوە بەکات ولەسەر  ریباز ورینمونی رێکخراوەکە بۆمسوگەر کردنی بەرنامەکانی تێبکوشە.*
6. *رێکخراوی لاینگەری مافی مروڤ دەبێ بەتوانە بۆ پاراستنی مافەکان وئازادیە بنچینەییەکانی گەل لەچوارچێوەی بەرنامە و پروگەرامی خۆی لە دەزگای پروپاگەندەی رێکخراوە نا دەولەتیەکانی لاینگەری مافی مروڤ و دەزگای بانگەوازی گشتی ومەدیاکانی نیو و دەرەوەی ولات کەلك وەربگرێت.*
7. *رێکخراوی پارێزەری مافی مروڤ دەبێ لە هەرهنگاوی مروڤ دوستانەی دەزگاکان ، رێکخراوەکان، کەسایتی وتاکە کەسان لەسەر ئاستی مافی ئێنسانی پێشوازی و پەشتیوانی بەکات.*
8. *ئەندامانی رێکخراوی پارێزەری مافی مروڤ دەبێ بە لە چاۆ دوور خەستنەوەی مەترسی ئاسایشی ویان نا ئاسایشی  بێباکانە و لێهاتوانە هەرچەشنە دەستدریژیکارێك بەسەر مافی مروڤ لەلایەن هەر گەروپ و تاقمەێك و یان کەسایتی و دەسەلاتدارێك، راستۆخۆ لێ هڵدان بکەن و داواکاری سەزای دەستدریژیکاران ببەن.*